مۆراڵ

# بێدەنگیەکی کوشندە



پەیوەند عومەر دەینووسێت

دیرۆکی دورودرێژوو ترسناکمان هەیە لە بێدەنگی، بێدەنگی لە ئاست هەموو ئەو شتانەی کە راستەوخۆ پەیوەندی بە چارەنووسی گەلێکەوە هەیە، گەلێك کە تا سەر ئێسقان پێویستی بە قسەکردن هەیە، کەچی لەناو بێدەنگیدا خۆی شاردۆتەوە بۆ ئەوەی بژی، ژیانێك کە تەنها ئەو قبوڵی دەکاتو پێی رازییە، رازی بوونێك کە خۆی هەمیشە بچوك پیشان دەداتو دوژمنەکانی گەورە، دوژمنێك کە دەیەوێت دیزاینو ژیانی بگۆڕێتو پەرتەوازەو پارچە پارچەی بکات، پارچە پارچە بوونێك کە لە مێژە کورد لای بۆتە نەریتو گرفتاری کردووە، گرفتاریەك کە تا هەنووکەش وەکو مۆتەکە سەر سنگی گرتووەو جێی ناهێڵێ، چونکە خۆی ئەم نەریتو بیدەنگیەی دروستکردووە.

نەریتێك کە تەنها خۆی خەسارەتمەند دەکاتو جگە لە خەسڵەتەکانی ترسو شەرمنی چیدیکەی بۆ مسۆگەر ناکات. لەناو فەرهەنگی ئێمەدا چەندان دەستەواژەی وەکو( ئاگرە سوورە لە خۆم دوورە)و (دەستێ حاکم بیبڕێ خوێنی نییە)و( ئەو دەستەی پێی نەوێرم ماچی دەکەم...هتد)، کە راستەوخۆ کاریان لە شێوازی هەڵسو کەوتو مامەڵەی تاکی کوردی کردووە. هەموو ئەو ئەگەرانەی دوژمنەکانی کورد هەڵیان کردووەو هەر جارەی بەشێك لە چارەنووسیو بەها نەتەوەییەکەی سوتاندووە لە ئاستیدا بێدەنگی هەڵبژاردووەو هەموو ئەو دەستە زبرە دوژمنکارانەی بە دەستی حاکم زانیوە کە دەسەڵاتی خۆی لە کاولکردنو رەشەکوژی کورددا نمایش کردووە.

کورد لە مێژووی خۆیدا گرفتی هەر ئەوە نەبووە کە خۆی بە بچوكو کەم زانیوە، بەڵکو گرفتی مەزن ئەوەبووە کە هەمیشە سێبەری دوژمنەکانی زۆر گەورەو تاریك پێشان داوە، گرفتی بچوکیو ترسان هەمیشە روخساری زەردکردووە، ئێستاشی لەگەڵدابێ کە باس لە منەتو چاکەی ئەمریکیەکان دەکرێت لەسەر ئێمە، ستایشی ئەوە ناکرێت کە لەگەڵ هاتنی ئەواندا سەرەتایەکی نوێ لە هەموو ئاستە ئابووریو فەرهەنگیو رامیاریەکان دەستپێدەکاتو چەندان چەمکی وەکو( ئازادی، مافی مرۆڤ، دیموکراسی، مەدەنیەت) دێنە ناو فەرهەنگی سیاسی ئێمەوەو داوای تەفسیراتی مرۆڤدۆستانەی خۆیان دەکەن، کە دەکرێت ئێمەی کورد لە هەموو گەلانی دەوروبەرمان زۆرتر سودیان لێوەرگرین، کەچی باس لەوە دەکەین کە گەورەترین رژێمی بۆ لەناو بردووین.

بڕواهێنان بەوەی کە بچوکیو بێدەسەڵاتی وادەکات لە رووی سایکۆلۆژیەوە هەمیشە خۆت بەکەم ئەندام بزانیتو تەڵقینی بێدەسەڵاتی خۆت بدەیت تا دەبێتە رێسایەکی ئەخلاقیو لەسەر ئاستی هەموو ئۆرگانەکانی کۆمەڵگا پەیڕەو دەکرێت. هەنووکە لەو هەلومەرجە سیاسیە نوێیەی کە نیگای دونیا بەرەو خۆرهەڵات بەگشتی وەرچەرخاندوە زلهێزەکان هاوکێشە سیاسیو ئابووریەکانی خۆیان بە ئێرەوە گرێداوە، ئێمەش لە عێراقێکدا دەژین کە لەناو ئەو پرۆسە بەهادارەدا دەکەوێتە پلەی یەکەمو پێشەوە. دەکرێ ئێمەش ژمارەیەك بین لەو هاوکێشەیەدا، کەچی بە پێچەوانەوە کورد هەر خۆی بە کەم ئەندامو بێدەسەڵات پێشان دەداتو چاوەڕێیە ئاوڕی خێری لێ بدرێتەوە. ئێستاش کە خاوەنی کیانو قەوارەی خۆیەتی لەسەر خاکی خۆیو دەتوانێ بەزمانی خۆی تەعبیر لە مافو داخوازیەکانی بکات، شەرم دەکات، دەترسێ، خۆی بەکەم دەگرێ، کەمتەرخەمی دەکاتو ناتوانێ لە پۆستە سیادیەکانی بوێرانە کەڵك وەرگرێ، ئێستاش دەستی ئەو دوژمنانە ماچ دەکات، کە هەموو هەولێکیان خستۆتە گەر تاکو کورد لەم شەرمو ترسەدا بهێڵێتەوەو قەناعەت بەوە نەکات کە ئیدی سەردەمی بێدەنگی بەسەرچووەو دەبێ لێرە بەدواوە خاوەنی دەنگێکی دلێری سیاسی ئەوتۆ کەبێ مساوەمە لەسەر چارەنووسی خۆی ناکات.

# لە دەشتی بیتوێن

## ئاستی بەرهەمهێنانی بەروبومی کشتوکاڵی دابەزیوە

**کامەران عەبدە ساڵح**

دەشتی بیتوێن، لەڕووی داهاتی ئاوەوە یەکێکە لە ناوچە دەوڵەمەندەکانی هەرێمی کوردستان، زێی بچووك کە بەلای باشوری خۆرهەڵاتیدا تێدەپەڕێت، ئاو بۆ زۆربەی دەشتەکانی دەوروبەری ڕانیە دابین دەکات. بەشی زۆری کشتوکاڵی ناوچەکە کە لە شێوەی پرۆژەی ئاودێری (لەشێوەی جۆگە) بنیات نراون، سود لەو زێیە وەردەگرن، جگە لەمەش، لەناو ڕانیەدا چەندین سەرچاوەی دیکەی ئاو هەیە کە کەم تا زۆر بۆ دابینکردنی ئاو سودیان لێ دەبینرێت، گرنگترینیان سەرچاوەی ئاوی (قولە)یە، کە لە کاتژمێرێکدا ٢٢٤م$^3$ ئاوی لێ وەردەگیرێت، لە چوار وەرزی ساڵدا ئاوی لەبەر دەڕوات.

ڕادەی باران بارین لە دەشتی بیتوێن دەگاتە ٩٠٠ملم لە ساڵێکدا.

خاکی بیتوێن، لە چوارلاوە بە چیا دەوردراوەو، بەپیتە بۆ کشتوکاڵ، ئەم خاکە لە جۆری تاوەری تۆخە کە ئاوێتەی قوڕێکی زۆرەو پێکهاتەی قوڕینی تێکەڵاوو قوڕینی لیتەییە، وەك خاکێکی بە پیتی ناوچەی شاخاوی ئەژمار دەکرێت. ڕووبەری دەشتی بیتوێن لە (٥٥٠٠٠) دۆنم پێکهاتووە، کە (٣٥٠٠٠) دۆنمی خاکی دێمەکارەو ( ٢٠٠٠٠)یشی زەویی بەراوە. بە جۆرێکی دی، بریتیە لە (٨٠٠کم٢)، درێژی لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا (٣٠کم)-ە، پانییەکەی (٢٠کم)و، بەرزیشی لە نێوان ( ٥٠٠ - ٦٠٠م) دایە، کە دەکاتە ١٠٪ی ڕووبەری پارێزگای سلێمانی. بە داخەوە ماوەی چەند ساڵێکە بەهۆی گرنگینەدانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بواری کشتوکاڵ، زۆربەی جوتیارانی ناوچەکە پشتیان لە بەرهەمهێنان کردووە.

مام (عومەر مینە) جوتیارێکی دێرینی ناوچەکەیە، خاوەنی ٢٥ دۆنم زەویی بەراوە لە گوندی (گولەك)، دەڵێت" هەر لە منداڵیمەوە بە کشتوکاڵەوە خەریکم، ساڵانی ڕابردوو کونجیو گوڵەبەڕۆژەم دەچاندو بەنرخێکی گونجاو دەمفرۆشتەوە، بەڵام ئێستا ناچارم تەنها گەنم دابچێنم، چونکە هەر ئەو جۆرەی دانەوێڵە کەمێك سودی ماددی بۆمان هەیە، ئەوانی تر بڕی تێچوویان زیاترە لە دەستکەوتیان".

خاڵ (عەزیز حەمەد)یش وەك جوتیارێکی دیکەی ناوچەکە گلەیی لە دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم کرد بەوەی بایەخێکی ئەوتۆ بە جوتیارانی بیتوێن نادەن، هەرئەمەیشە بۆتە هۆی ئەوەی بەرهەمهێنانی بەروبومی کشتوکاڵی لەو ناوچەیەدا ڕوو لە کزی بکات، گووتی" ئەمساڵ ٣ تەن پیازم بەرهەمهێناوە، تەنها ١ تەنم بۆ فرۆشراوەو پاشماوەکەی لە ماڵەوە مایەوە تا ڕزی !".

سەرچاوەیەك لەبەڕێوەبەرێتی کشتوکاڵو ئاودێری ڕانیە، هۆکاری کەمبونەوەی بەرهەمهێنانی بەروبومی کشتوکاڵیی لە ناوچەکەدا بۆ نەبونی بەرنامەو نەخشەی گونجاو بۆ بوژانەوەی بنەمای ئابوری وڵات لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵو ئاودێریەوە گەڕاندەوە، ئاماژەی بەوەدا کە کۆنترۆڵی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستاندا لە ژێر دەسەڵاتی کەسانی پسپۆڕو شارەزادا نیەو، هەر لە سەردەمی عوسمانیەکانەوە تا ئەمڕۆ وەك پێویست گرنگی بە بواری کشتوکاڵ نەدراوە لە کوردستاندا، بە تایبەت دوای جەنگی ئازادکردنی عێراق لەلایەن هاوپەیمانانەوە، لە ئێستاشدا ئاستی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی لە ڕانیەو دەوروبەری بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی نیوەی یەکەمی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، بە ڕێژەیەکی بەرچاو دابەزیوە !.

لەدوای ڕاپەڕینەوە حکومەتی هەرێم پلانی زانستیانەی نەبووە، بایەخی زیاتر بە شاروشارۆچکەکان دراوە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی گوندنشینەکان ناوچەکانی خۆیان جێبهێڵنو ڕوو لە شارەکان بکەن، بەمەش لە هێزێکی بەرهەمهێنەوە بونەتە هێزی بەکاربەرو، لەگەڵ خۆیاندا هەڵاوسانێکی ئابورییان دروستکردووە کە خۆی لە گرانبونی نرخی خۆراكو کەلوپەلو یەکەی نیشتەجێبوندا دەبینێتەوە. هەروەك گلەیی ئەوەشی لە سەرمایەدارانی ناوچەکە کرد کە بیریان لە پرۆژەیەکی ئابوری لە بواری کشتوکاڵدا نەکردۆتەوە.

لەبارەی ئەوەشەوە کە ئاخۆ لە ئێستادا جوتیارانی بیتوێن زیاتر بایەخ بە چاندنی چ جۆرە بەروبومێك دەدەن، سەرچاوەکە گووتی" بەهۆی ئەوەی چەند ساڵێکە گەنم نرخێکی گونجاوی بۆ دانراوە، ٨٠٪ی

**ناکرێت حکومەت کەمتەرخەم بێتو لە ئەنجامدانی پرۆژەکاندا ئەو جیاوازیانە لەنێوان گوندو شاردا ڕەچاو بکات کە لە ئێستادا بوونیان هەیە**



**بوژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵ بوژاندنەوەی ئابووری کوردستانە**

فۆتۆ: ڕەوشت توانا

جوتیارانی ناوچەکە ڕویان لە چاندنی کردووە، بە ڕێژەیەکی کەمیش پیازو گوڵەبەڕۆژەو کونجی دەچێنرێت".

لە پێناو چارەسەرکردنی ڕەوشی کشتوکاڵ لەم ناوچەیەشدا، بەڕێوەبەری کشتوکاڵو ئاودێری ڕانیە چەند پێشنیارێکی خستەڕوو، لەوانە" دابینکردنی سەرچاوەی ئاو بۆ زەوییە پشتاوەکان لە ڕێی لێدانی بیری ئیرتیوازیەوە، هەروەها هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی بازاڕێکی مسۆگەرو گونجاو بۆ ساغکردنەوەی بەروبومی جوتیاران بە تایبەت دانەوێڵە، پەلەکردن لە تەواوکردنی بینای سایلۆی کشتوکاڵی چوارقورنە کە ماوەی ٩ ساڵە زەوی بۆ تەرخانکراوەو بەڵێنی دروستکردنی دراوە". بایەخدان بە هۆشیارکردنەوەی جوتیاران بۆ ئەوەی بەروبومەکانیان بە شێوازێکی زانستیانە بێننە بەرهەمو، دابینکردنی بڕی پێویستی گاز بۆ کێڵانی زەویو دروێنە"، دوو پێشنیاری دیکەی محەمەد حاجی بوون کە پێویستە وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێم لەبەرچاویان بگرێت، لەو ڕووەوە نمونەیەکی هێنایەوەو گووتی" ئەمساڵ لە گوندی (گردجان) بەهۆی پەیڕەوکردنی پلانێکی زانستیانەی کشتوکاڵیەوە توانراوە لە یەك دۆنم زەوی ١٢٠٠ کیلۆ گەنم بەرهەم بهێنرێت، لە کاتێکدا ئەو شوێنانەی بەبێ پلان داچێنراون لە یەك دۆنم زەویدا تەنها ٢٠٠ - ٣٠٠ کیلۆ بەرهەم هاتووە !"

دواجار ئەندازیاری کشتوکاڵیی (بەختیارکاوەیس) لەبارەی چۆنێتی هەنگاونان بۆ بوژانەوەی بواری کشتوکاڵ لەم ناوچەیەدا گووتی"جاران دێهاتنشینەکانی بیتوێن ڕۆڵێکی گرنگو کاریگەریان هەبوو لە ڕووی بەرهەمهێنانی بەروبومە کشتوکاڵیەکانو دەستەبەرکردنی بەشێك لە سامانو داهاتی نەتەوەییمان، بۆ ئەمڕۆی کوردستان پەرەپێدانی ئەم گوندانە لە بوارە خزمەتگوزاریەکانو دابینکردنی ئامێرو پێداویستیە کشتوکاڵیەکان بۆ جووتیارانی، گەورەترین هەنگاوە بە ئاراستەی بوژاندنەوەی کشتوکاڵ لە ناوچەکەماندا، بە هەنگاوێکی لەو جۆرە بەر لە هەمووشتێك ئەو جووتیارانەی کە بەهۆی بارودۆخە ناهەموارەکانەوە ئێستا لە ڕانیەو چوارقورنەو ناوچەکانی تر نیشتەجێن هانیان دەدەین کە بگەڕێنەوە زێدی خۆیانو دەست بدەنەوە پیشەی جارانیان، کەئەمەش لەولاوە ئەو پاڵەپەستۆیەی سەر شارەکان کەم دەکاتەوە کە بەهۆی هاتنی بەلێشاوی خەڵکی لادێکانەوە دروستبووەو گرانی گوزەرانی بەدوای خۆیدا هێناوە".

هەروەها گووتی" پێویستە لەسەر حکومەت کۆمەڵێك ڕێو شوێن بگرێتەبەر لە پێناو گەشەکردنی بواری کشتوکاڵ لەوانە دابینکردنی ئامێری کشتوکاڵی لەڕێی بنکەو لقە کشتوکاڵیەکانەوە، هەروەها پێدانی سلفەی تایبەت بەو کەسانەی دەیانەوێت مەڕو ماڵات بکڕن بۆ بەخێوکردنیان، جگە لەدابینکردنی شوێنی گونجاو بۆیان بەشێوازێکی سەردەمیانە کەدووربێت لە شوێنی نیشتەجێبوونی دانیشتوان، پێویستە بەهەڵکەندنی بیری ئاو بۆ ئەو جوتیارانەش دابین بکرێت کە نیازی دروستکردنی ڕەزو باخیان هەیەو بێ ئاوی بۆتە گرفت لەبەردەمیاندا". نابێت گرتنە بەری ڕێوشوێنی زانستیش فەرامۆش بکرێتو پێویست دەکات بەپێی بەرنامەیەکی تۆکمە ڕێنماییەکان بە جوتیارانو گوندنشینان ڕابگەیەنرێت.

لە ڕووی خزمەتگوزاریەکانی دیکەیشەوە وەك دابینکردنی خوێندنگەو بنکەی تەندروستیو ئاوی پاكو کارەباو ڕێگاو بانی شیاوو پێدانی سلفە بە گوندنشینان بۆ دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون، ناکرێت حکومەت کەمتەرخەم بێتو لە ئەنجامدانی پڕۆژەکاندا ئەو جیاوازیانە لەنێوان گوندو شاردا ڕەچاو بکات کە لە ئێستادا بوونیان هەیە. بە هەنگاوی لەوجۆرە دەتوانین وردە لەو ئامانجە بایەخدارە نزیك ببینەوە کە ئەویش بوژانەوەی ئابووری نەتەوەیی کوردستانە، سەرخستنیشی دەستکەوتێکی مەزنەو پەیوەندی بە ژیانی هەر تاکێکی ئەم کۆمەڵگەیەوە هەیە.



# سێگۆشەی بەرمۆدا

## هەندێك لە نهێنیە سەرسوڕهێنەرەكانی گەردوون

ئا: باوكی ژیلا

مرۆڤ سەرەڕای فراوانی زانیاریو زانستەكانی لەسەردەمی نوێدا، بەلاَم نەیتوانیوە نهێنی هەندێك دیاردە ئاشكرابكاتو تا ئێستاش جێگای پرسیارو بەدواداگەڕانن، هەرچەندە هەندێكیان دەبنە هۆی لەناوبردنو نەمانی هەزاران قوربانی.

لەوانەیە سەیرترین دیاردەی سەرگۆی زەوی( سێگۆشەی بەرمۆدا) بێت، ئەمە جگە لە" دەریای شەیتان لە یابان" كە هەردووكیان مەترسین بۆسەر پاپۆڕو كەشتیو فڕۆكەكانو دەبنە هۆی ونبونیان بەبێ ئەوەی هیچ ئاسەوارێك لە دوای خۆیان جێبهێڵن، هەرچەندە زۆرجار زیادەڕۆیی لە چیرۆكەكان سەبارەت بە (سێگۆشەی بەرمۆدا) دەكرێت، بەلاَم ئەوەی راستیە ئەوەیە كە" سیگۆشەی بەرمۆدا" بوونی هەیەو لە دورگەی بەرمۆدا بەرەو باكور بۆ فلۆریدا درێژ دەبێتەوە، لەناو دورگەكانی بەهامای دوور لە پۆرتۆریكۆ لە رۆژئاوا بەدووری ( ٤٠كم)و دەگەڕێتەوە بۆلای دوورگەی بەرمۆدا. ئەم ناوچەیە شوێنی روودانی چەندین كارەسات بووەو بەروونی لە ٥ی كانوونی یەكەمی ١٩٤٥ بەدەركەوت، لەمڕۆژەدا چەند سەرەداوی رووداوێك بەدەركەوت كە مێژووی كارەساتەكانی لەم سێگۆشەیەدا دەگەڕاندەوە بۆ ساڵی ١٨٠٠زاین.

سەرەڕای هەموو ئەو ئەگەرو گریمانانەی زانایان بۆ لێكۆڵینەوە لەو شوێنە دایانناوە بەلاَم نهێنی زۆر سەیر هەن كە بەنەزانراوی ماونو تا ئێستاش هیچ لێكدانەوەیەكی لۆژیكیان نییەو مایەی سەرسوڕمانن. دیاردەی بەرمۆدا چییە؟ دوا بیردۆزە زانستیەكان، لەو دیاردەیەیان كۆڵیوەتەوە چین؟... لە دەریای(سارگاس)دا سەدان كەشتیو پاپۆڕو بەلەم ون بوونو دۆسیەكان ئاماژە بەوە دەكەن كە یەكەمجار لە ساڵی (١٨٠٠)دا كەشتیەكی ئەمریكایی بە(٣٤٠) كەشتیوانەوە ون بووە. هەروەها لە(٢٠)ی ئابی هەمان ساڵ كەشتی ئەمریكایی (بێكۆنگ) بە(٩٠) كەشتیوانەوە بەبێ ئەوەی هیچ ئاسەوارێكی لەدوا جێبمێنێ. لە ٤ی تشرینی دووەمی ١٨١٤ كەشتی (واسب) بە (١٤٠)كە شتیوانەوە وون بوو. دە ساڵ دواتر لە ٢٨ی تشرینی یەكەم ١٨٢٤(وایلدكات)بە (١٤) كەشتیوانەوە وون بوو، لە سالی ١٨٨٠ كەشتی (ئەتلانتا) بە(٢٩٠) كەشتیوانەوە ون بوو، لە ساڵی (١٩١٨) كەشتی (سكایلوب)بە(٣٠٩)كەشتیوانو بارەكەیەوە ون بوو. زنجیرەی ونبوونی كەشتیەكان بەردەوامی هەیەو زۆربەشیان لە دەفتەرو دۆسیەكان تۆمارنەكراون، بەچەندین بەلەمی بچوكیشەوە. لەشەوی سێ لەسەر چواری تشرینی یەكەمی ١٩٥١ كەشتی جەنگی بەرازیلی (سان پاولۆ)بەبێ ئەوەی هیچ ئاسەوارێكی بدۆزرێتەوە ون بوو. ئەم ونبوونە هەرایەكی گەورەی لەناوچەكە بەرپاكردو سەدان فڕۆكەو كەشتی بۆ گەڕان بەدوای ئاسەواریدا سەرقاڵبوون، بەلاَم بێ سود بوو. لەوانەیە ترسناكترین رووداو كە ئەمریكیەكانی تووشی شۆك كردووە، وونبوونی( ژێردەریایی سكۆربیون) بوو لە ساڵی ١٩٦٨ بە تەواوی سەرنشینەكانیەوە كە(٩٠)پیاو بوو، لە ٥ی كانوونی یەكەمی ساڵی ١٩٤٥ پێنج فڕۆكەی سەربەهێزی دەریاوانی ئەمریكا لە بنكەی(فۆرت لادریل)ـەوە بە گەشتێكی راهێنانی ئاسایی‌و بە سوتەمەنی تەواوەوە كە بەشی هەزاران میلیان بكات هەستان، كاتژمێر دووی پاشنیوەڕۆ بوو خۆر بە ئاسمانەوە بوو، بایەكی باكوری رۆژهەلاَتی ئاسایی هەبوو. كاتژمێر سێو پانزە دەقیقە پەیامێكی سەرنجراكێش بەتاوەری چاودێری دەگات لەلایەن رابەری گروپەكەوە كە"هەلۆێستەكە نادیارە، رێگای رۆژئاوامان لێ دیارنییە.. هەمووشتێك پەكی كەوتووە، نازانین لەكوێنو لە چ ئاراستەیەكدا دەڕۆین" دوای چەند چركەیەك تاوەری چاودێری بروسكەیەكی دیكەی پێگەیشت (هەوڵ دەدەم بنكەكە بدۆزمەوە، هەر دەڵێی بەسەر كلێسایەكەوەم، ناتوانم نزماییەكە دیاری بكەم)و لە وەلاَمدا تاوەرەكە پێیرادەگەیەنێ (بەلای باكوردا بفڕە دەگەیەوە بنكە)ئەویش وەلاَم دەداتەوە( تۆزێك لەمەوپێش بەسەر دورگەیەكدا تێپەڕین، بەلاَم ئێستا هیچ وشكانیەك نابینم). واپێدەچوو ئاراستەی خۆیان ونكردبێت، دواتر لەتاوەرەوە گوێیان لە گفتوگۆی فڕۆكەوانەكان نامێنێو پەیامەكانیان پێك ناگات، هەرچەندە لە تاوەرەوە بە پچڕپچڕی گوێبیستی وتوێژی نێوانیان دەبوون كە باسیان لە ﴿نەمانی سوتەمەنیو قیبلەنوما شێتەكان﴾ دەكرد.

لە بنكەكە حاڵەتی نائاسایی راگەیانراو لە كاتژمێر چواری دوانیوەڕۆ تاوەری چاودێری بانگەوازێكی پێگەیشت دەڵێ( دڵنیانین لەكوێن، پێمان وایە لە جێگایەكین(٢٢٥)میل بە ئاراستەی باكوری خۆرئاوا لە بنكەكەوە دورین، لەوانەیە لە فلۆریدا تێپەڕیبینو لەسەر كەنداوی مەكسیك بین) دواتر دەنگەكە كزدەبوو، دوا پەیام كە بەتاوەرەكە گەیشت( تەنها ئاوێكی سپی دەبینین، بە تەواوی خۆمان ونكردووە). بەر لەو پەیامە لە كەشتی(مارتن مایرز) فڕۆكەیەك بە مەبەستی فریاكەوتنیان بەڕێكەوتو (١٣)كەسی لە تیمی رزگاركردن لەسەر بوو دوای كەمێك لەدوا پەیامی فڕۆكەكان ئەویش پەیامێكی بۆ تاوەری چاودێری نارد دەڵێت( بایەكی بەهێز لەبەرزی شەش هەزارپێ هەڵیكردوە) ئەمە دوا قسەی ئەوە بوو كەناردیو ئیدی ئەویش ون بوو لەگەڵ هەرپێنج فڕۆكەكەی پێش خۆی، ئیدی تاریكی بەسەرداهاتو نەیانتوانی هیچ جۆرە فڕۆكەیەكی دیكە بنێرن بۆ گەڕانو بەدواداچوونی فڕۆكەكان، بەلاَم بەدرێژایی شەو چەندین كەشتیو بەلەمی پاسەوانەكانی دەریاوانی چالاكانە بەدوای رزگاربوان دەگەڕان. بۆ بەیانیەكەی (٣١٦) فڕۆكە لە نێوانیاندا (٧٦) فڕۆكەی رزگاركردنو سەدان پاپۆڕو بەلەمو ژێر دەریاییو كەشتی شەخسی نزیكەی(٣٨٠) هەزار میلیان لە زەریای ئەتڵەسیو دەریای كاریبیو كەنداوی مەكسیكو دوورگەكانی نزیك فلۆریدا بۆ دۆزینەوەی پارچە ئاسنو ئاسەواری ئەو فڕۆكانە پشكنێ، بەلاَم هەرگیز هیچ جۆرە پارچەیەكیان دەست نەكەوت. ئایا فڕۆكەكان نەتەقیونەوە، بۆ هیچ كامێكیان لە شوێنێك نەنیشتنەوە؟ هۆكاری تەقینەوەكە چی بوو؟ لەگەڵ چەندان پرسیاری دیكەی سەرسوڕهێنەرو پرسیارو گومان.. لە ساڵی ١٩٤٧ فڕۆكەیەكی جۆری سی(٥٤) بەناوی (ستار تایگەر) بەشەش فڕۆكەوانو (٢٥)نەفەرەوە ون بوو. لە ٢٨ی كانوونی یەكەم لەهەمان ساڵ فڕۆكەی نەفەرهەڵگر لە جۆری (دی. سی٣) بە(٣٦) نەفەرەوە كە لە مەیامیەوە بۆ سان خوان دەچوون ونبوو.

بەدرێژایی ئەو ساڵانە سەدان فڕۆكەو بەلەمو كەشتی لەو سێگۆشەیە ون بوون كە لێرەدا بوار نییە هەمووی بلاَوبكەینەوە، بەلاَم سەیرترین رووداو ئەوانەن كە بەسەر چەند كەشتیەكی بارهەڵگردا هاتووە بۆ نموونە: لە ساڵی ١٨٤٠كەشتیوانو دەستەی كەشتیوانەكانی كەشتی (رونالی) هاڤانا ونبوونو كەشتیەكەیان وەك خۆی بە ساغی مابۆوە، لە ٢٦ی شوباتی ١٨٥٥ كەشتیوانەكانی كەشتی

# هەڵکەوتەی جوگرافی سێگۆشەی بەرمۆدا




(جیمس چیتەر)و کەشتیوانەکانی (لین ئۆستن)ی ئەمریکی کە بۆ گواستنەوەی کەلوپەل بەکار دەهێنران ون بوون، بەبێ ئەوەی دەستکاری هیچ کەلو پەلێك کرابێت، لە ساڵی ١٩٠٢ کەشتیوانەکانی (فزیا)ی ئەڵمانی بزربوون، لە ساڵی ١٩٢١ کەشتیوانەکانی کەشتی (کارل نیزنگ)ی ئەمریکی ون بوون، کاتێك کەشتیەکە دۆزرایەوە مێزی نانخواردنەکە وەك خۆی چۆن رازاندرابۆوە هەروا مابوو. ئەمە چەند نموونەیەکە لەو رووداوە سەرنج راکێش‌و سەیرو سەمەرانەی کە لەو شوێنە روویان داوە.

لەبەر ئەوەی رووداوی بزربوون‌و نەمانی سەیرو سەرنج راکێش بوون، بێگومان شیکردنەوەی هۆکارەکانیش زۆرجار بەهەمان شێوە دەبن‌و بڕواکردنی نین. بۆ نموونە هەندێك پێیانوایە کە ئەو شوێنە دەکەوێتە نێوان ئەو جێگایەی کە شەپۆلی بەهێزو بەرزی لێیەو خێرایی ئەو شەپۆلانە لە هەندێك کاتدا خۆی لە دەمیل لەکاتژمێرکدا دەدات. هەندێك دەڵێن: لەوانەیە ئەو شوێنە بە لوغم‌و بۆمبی دەریایی نەتەقیوو چێنرابێت کە لە شەڕەکانی رابردوو جێماون.. بەڵام ئەمەش جێگای باوەڕکردن نییە.. هەندێك پێیان وایە، ئەو شەپۆلانە بەردولمێکی زۆر لەگەڵ خۆی دێنێت‌و کەشتیەکان نقوم دەکات، بەڵام ئەی فڕۆکەکان؟، هەندێکیش پێیان وایە، بەهۆی زۆری ئەشکەوتی ژێر دەریا کە لەو ناوچەیە هەن گێژاوێکی بەهێزیان دروست کردووەو بەو هۆیەوە کەشتی‌و بەلەم‌و پاپۆر نقوم دەبن.. چەندین لێکدانەوەو شیکردنەوەی جۆراوجۆر هەریەکەو بەشێوەیەك لە هۆکارەکان لێك دەداتەوە، بەڵام یەکێك لەو شیکردنەوانە زۆر سەیرترە لە رووداوەکان کە لەلایەن (جۆن سبنسر) لە کتێبێکدا بەناوی (بارەگای ون بوو) دەرچووە دەڵێت ( ئەو سێگۆشەیە لە ژێر کۆنترۆڵی چەند زیندەوەرێکی زیرەکدایە کە لە جیهانەکانی دیکەوە هاتوون‌و ئەوان ئەو کەشتی‌و فڕۆکانە دەڕفێنن).. هەروەها (ئیڤان ئیندرسۆن)زانای بەناوبانگ دەڵێت ( مەسەلەی بوونی شارستانیەتێکی پێشکەوتوو لە ژێر دەریا بە دوور نازانین؟ ئاو سێ یەکی زەوی داپۆشیوەو تەنها بەشێکی زەوی وشکانییەو ئەویش هەمووی مرۆڤی تێدا ناژی، کەواتە چ شتێك رێگرە لەبەردەم بوونی شارستانیەتێکی پێشکەوتوو لە زیندەوەری زیرەك کە زۆر لە مرۆڤ عاقڵترین لە ژێر دەریا؟).

هەندێك زانا زانستیانەتر شیکردنەوەیان بۆ ئەم دیاردە کارەساتئامێزە کردوە کە.

١-بیردۆزەی کێشکردنی موگناتیسی: زۆر لەو فڕۆکانەی بەسەر بەرمۆدادا دەڕۆن یاخود ئەو کەشتیانەی لەوێوە تێدەپەڕن دووچاری ئاڵۆزبوون‌و تێکچونی ئامێرەکانی پێوان‌و قیبلەنوما دەبن، ئەمەش بەڵگەیە بۆ بوونی هێزێکی موگناتیسی گەورە کە ئەوشتانە بۆلای خۆی کێش دەکات.

٢-رێژەیەکی زۆر لە ماددەی قابیلی سوتان لەسەر شێوەی سەهۆل لەبن زەریاکان دۆزراوەتەوە، بەهۆی گەرما یاخود ئاڵوگۆڕێك لە گەرمی دەوروبەری دەبێتە غازو ئەو حاڵەتەش زۆر بەچڕی روودەدات‌و کاتێك لە ئاوەکە دێتە دەرەوە دەبێتە هۆی گرفت دروستکردن بۆ کەشتی‌و فڕۆکەکان. بەهەرحاڵ شیکردنەوەو لێکدانەوەو بڕواکردن‌و بڕوانەکردنی ئەو رووداوانەو بوونی ئەو حاڵەتە لە سێگۆشەی بەرمۆدا تاکو ئێستا هەر لە چوارچێوەی نهێنیدایەو هیچ بەڵگەیەکی زانستی تەواو لەبەردەستدانییە کە راستی‌و دروستی ئەو دیاردەیەمان بە روونی بۆ شیبکاتەوەو قەناعەتمان پێبێنێ. لەوانەشە زۆر کەس بە خەیاڵ وەسفی بکەن‌و زۆر کەسیش بۆ دەستکەوتنی پارە کتێبی هەواڵیان لە خەیاڵی خۆیانەوە داهێنابێ‌و خەڵکیان پێ لەخشتە بردبێ.

**سەرچاوە: چەند ماڵپەڕێکی ئینتەرنێت**

# یۆگای تەمەن درێژیو گەنج بوونەوە

ئا : محەمەد ڕەسول

## بەشی دووەم

لە ژمارەی ڕابردووی گۆڤارەکەماندا (چوار) جوڵە یەك لەدوای یەکەکانی (سڵاوی خۆر) مان بڵاوکردەوەو لەم ژمارەیەدا تەواوی جوڵەکانی پێش مەشقە کرداریەکان بلاودەکەینەوە ....


(s.5)

٥- پیٚ ی ڕاستت بۆ تەنیشت پیٚ ی چەپت بگەڕێنەوەو لەپی دەستی چەپت لە ڕێکی دەستی چەپت لەسەر زەوی چەسپ بکە، هەوڵبدە تەنها ناوەراستت بچەمێتەوە، با ئەژنۆکانت نەچەمێتەوە. بەشێوەیەك جەستەو ڕانەکانت گۆشەی ٩٠ دروست بکەن وەك وێنەی (S.5).

٦- هەر لەسەر شێوەی جوڵەی پێنجەم دەبیٚ، تەنها ئەژنۆکانو سینگو جەناگەت دەگەنە سەرزەوی، دەستەکانت لەسەر زەوی دەبن، سەیری وێنەی ژمارە (S.6).


(s.6)

٧- بەهێواشی لەجوڵەی شەشەمەوە بەهۆی دەستەکانت لەناوچەی حەوزەوە خۆت دەچەمێنیەوەو سینگت بەرزدەکەیەوەو دەچیتە جوڵەی حەوتەم. تادەتوانی سینگو گەردنو سەرت بەرزدەکەیو سەیری ئاسمان دەکەی، هەوڵبدە قورسایت بخەرە سەرکەمەرو ستونی پشتت لەکەمەردا... ( بهوجانگ ئاسانا) ....سەیری وێنەی ژمارە ( ٥. ).

٨- شێوازی هەشتەم... هەمان جوڵەی شێوازی پێنجەم وێنەی (S.5) وەردەگری، جەستەتان بەرزدەکەنەوەو گۆشەی ٩٠ بەقاچەکانتو بەشی سینگ دروست دەکەی لەسەر زەوی دەبن. وەك وێنەی ژمار(S.5)..

٩- شێوازی نۆیەم ... هەر لەجوڵەی هەشتەمەوە بەهێمنی قاچی چەپت بەرەو پێشەوە دێنیو بنی پیٚ ی چەپت لەسەر زەوی دەبیٚو دەستی ڕاستت بەرز دەکەیەوەو سەیری خوارەوی خۆت دەکەی، جەستەت گۆشەی ٤٥ لەگەڵ ئاسۆدا دروست دەکات، دەستی چەپتان لەتەنیشت پیٚ چەپتان لەسەر زەوی دەبێت ... وەك وێنەی ژمارە (S.7).


5

١٠-شێوازی دەیەم... بەهێمنی قاچی ڕاست بەرەو پشت ببەو با هەر دوو پێیەکانت لەتەنیشت یەکەوە بن هەروەها هەر دوو لەپی دەستەکانت لەو لاو لای پیٚ ڕاستو چەپت بن، هەوڵبدە ئەژنۆکانت نەچەمێنەوە، سینگو دەمووچاوت لە ڕانو ئەژنۆکانت نزیك بکەوە. وەك وێنەی(S.3).



(s.1)



(s.7)

١١- شێوازی یازدەهەم .... بەهێواشی لە جوڵەی دەیەمەوە بەرزکردنەوەی جەستەت لە جێگەی خۆتو چەمانەوەی لە کەمەرەوە بەرەو پشتەوە دەچێتە جوڵەی یازدەهەمەوە وەك وێنەی ژمارە (s.2).

١٢- شێوازی دوازدوهەم ... دەستەکانت بگەڕێنەوە پێشەوە و ڕێك ڕاوەستە، بە ئارامی لەپی دەستەکانت لە ڕێکی گەردنت شێوەی سڵاوی هیندی وەربگرە، وەك وێنەی (s.1).

تێبینی /// دەبێت لە پێش دەستکردن بە هەر جوڵەیەكو لە نێوان جوڵەکاندا بە هێمنی هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەمژی لەچوونە ناو جوڵەکە تا کۆتایی جوڵەکە بە هێمنی هەناسە دەدەیەوە، بەم شێوەیە لە پێش دەستکردن بەهەر جوڵەیەك هەناسەیەکی پوڵ هەڵدەمژی، لەکاتی ئەنجامدانی جوڵەکەدا بە هێمنی هەناسە دەدەیەوە.



(s.2)



(s.3)

# له پەیمانگای وەرزشی ڕانیەدا

# گرفت زۆره بەڵام ئاسۆ ڕوونە

**ئا: عەبدولڕەحمان ئەحمەد**

کاروانی هەزار میل بە هەنگاوێك دەستپێدەکاتو هەموو هەنگاوێکیش کارێکی باشە، کردنەوەی پەیمانگا وەرزشیەکانیش لە ناوچەکانی کوردستاندا کارێکی ئەکتیڤو گرنگە بۆ برەودان بە بزاڤی وەرزشیو دروستکردنی توێژێکی ئەکادیمیو تایبەت بە وەرزش، پەیمانگای وەرزشی ڕانیەش یەکێکە لە ناوەندە پەروەردەییە وەرزشیەی کە تازە دامەزراوە بۆ بەرهەمهێنانی مامۆستایانو کادرانی وەرزشی تایبەت بۆ دەڤەری بیتوێنو پشدەر ئەمساڵ لە نۆبەرەی کارەکانیو سەرەتای چالاکیەکانیدایەو بە چاوێکی پڕ هیواوە لێی دەڕوانرێ بۆ چارەسەری هەموو ئەو گرفتانەی کە ڕووبەرووی وەرزشی دەڤەرەکەو ناوچەکە دەبێتەوە ..... بۆ زیاتر ناساندنو ئاگاداربوون لە چۆنیەتی کارەکانو پرۆسەی خوێندن لەوێدا گۆڤاری زنار لە سەردانێکیدا لە نزیکەوە ئەم پەیمانگایەی بەسەر کردەوەو راوبۆچوونی هەندێك لە مامۆستایانو خوێندکارانی وەرگرتو ئەوانیش لە وەڵامی پرسیارەکاندا زۆر بە ڕاشکاوانە قسەیان بۆ کردین.




سەرەتا مامۆستا (وشیار فەتاح )بەرێوەبەری پەیمانگاکە قسەی بۆ کردین گووتی « پەیمانگای وەرزشی ڕانیە لە بەرواری ٥ / ٧ /٢٠٠٧ بە نووسراوی وەزارەتی پەروەردە فەرمانی کارگێڕی دەرچووەو ڕۆژی ١ / ١١ / ٢٠٠٧ لەلایەن بەڕێز وەزیری پەروەردەوە کراوەتەوەو لێرەدا چوار مامۆستای پسپۆڕو تایبەتی وەرزشمان هەیە لەگەڵ مامۆستایەکی دەرونزانی ». سەبارەت بە چۆنیەتی وەرگرتنی خوێندکاران لەو پەیمانگایەدا مامۆستا وشیار ئاماژەی بەوە کرد کە « پێویستە خوێندکارەکە دەرچووی ئەمساڵی قۆناغی ناوەندی بێتو تەمەنی گەورە نەبێتو لەهەموو ئەو تاقیکردنەوە جەستەیانە دەربچێت کە خۆی لە (١٠) چالاکی جۆراوجۆردا دەبینێتەوە، بۆ ئەمساڵی خوێندن(١٧٠) خوێندکار فۆڕمیان پێشکەش کردبوو بەڵام ئێمە تەنها (٨٣) خوێندکارمان وەرگرتووە کە دانیشتووی شارەکانی ڕانیەو قەڵادزێو چوارقوڕنەو حاجیاواو سەنگەسەرو بۆسکێنو بنگردو دارەبەنو گردجانو سلێمانین هەروەها ڕەچاوی بنەماڵەی شەهیدانو وەزارەتی وەرزشو لاوانو لیژنەی ئۆلۆمپیش کراوە بۆ وەرگرتنی هەندێکیان، باشتر وایە خوێندکارەکە پێشتر وەرزشوان بووبێت ئەمساڵ ئاسانکاریمان کردووە لە وەرگرتنی کچاندا بەڵام ساڵانی ئایندە ئەم ڕەچاوکردنە کەمتر دەبێتەوە بۆیە هیوادارم خوێندکارە کچەکان زیاتر هەوڵبدەنو خۆیان ماندوو بکەن ».

بەڕێوەبەری پەیمانگای وەرزشی ڕانیە لەسەر سیستەمی خوێندن لای ئەوان پێی گووتین « شێوازی خوێندن لێرەدا هەردوو بواری تیۆریو پڕاکتیکی دەگرێتەوە لە وانە وەرزشیەکاندا بەڵام هەندێ وانەی ترمان هەیە وەکو ( ئینگلیزیو مافی مرۆڤو دەرونزانیو پەروەدەی ئاینیو کوردیو عەرەبیو کوردۆلۆجی) تەنها لە بواری تیۆری دایە، سیستەمی خوێندن لێرەدا پێنج ساڵە کە ئەمەش کاتێکی زۆر گونجاوە بۆ بەرهەمهێنانی مامۆستایەکی ئەکادیمیو مەیدانی کە خزمەت بە بواری وەرزشی دەڤەرەکە بکاتو بە خوێندکارەکانیش زۆر گەشبینم ». مامۆستا وشیار فەتاح لە





مامۆستا ( ئەمین مستەفا)



مامۆستا عەلی بابەکر

پرسیاری کێشەو گرفتەکانیاندا گووتی ﴿ بەڕاستی کێشەمان زۆرە هەر لە نەشیاوی بیناکەی بۆ ئەم بوارە کە تا ئێستا میوانین چونکە ئێرە بینای فوتابخانەیەکی سەرەتاییەو یاریگاکەمان باش و گونجاو نیە ئەوەتا سوودمان لە یاریگاکانی دەوروبەرمان وەرگرتووە بە تایبەتی یاریگای ئازادە ڕەش بەڵام خۆشبەختانە سەرۆکایەتی شارەوانی ڕانیە (٢٨) دۆنمی زەوی بۆ تەرخان کردووین و داواکارین لە حکومەت و ڕێکخراوەکان لەسەر ئەم زەویە بینایەکی تایبەت و مۆدێرنمان بۆ دروستبکەن، هەروەها پێداویستی یاریەکانمان زۆر کەمە بۆئەمەشیان وەزارەتی پەروەردە لەسەر بودجەی پەروەدەی ڕانیە بەڵێنی دابینکردنی سەرجەم کەلوپەل و پێداویستیەکانی پێداوین و دەمەوێ لێرەشدا سوپاسی سەنتەری ڕانیەی ڕێکخراوی ئازادی و لاوان و نوێنەرایەتی بیتوێنی لیژنەی ئۆلۆمپی و هەموو ئەو کەسانە بکەم کە هاوکاریان کردووین﴾.

لە کۆتایشدا مامۆستا وشیار فەتاح سەبارەت بە بەشداریکردنیان لە خولەکاندا پێی گووتین ﴿ تا ئێستا بەشداری یەك چالاکیمان کردووە کە ساڵی ڕابردوو لە هەولێر بەشداری خولی پەیمانگا وەرزشیەکانمان کردو توانیمان لە یاری تۆپی سەرمێزدا پلەی دووەم دەستەبەر بکەین و ئێستاش لە خۆئامادەکردنداین بۆ بەشداریکردن لە خولەکاندا﴾.

دواتر مامۆستا (هاوکار جەلال)یش کە یاریدەدەری بەڕێوەری پەیمانگای وەرزشی ڕانیەیە قسەی بۆ کردین گووتی ﴿لە ڕووی ئیداریەوە کێشەمان هەیە هەر لە بیناکەوە تا خودی خوێندکارەکان، لەبەر ئەوەی ئێمە ناوەندێکی تازەین بۆیە ئەمساڵ کۆمەڵێك گرفتمان هەبووە بەڵام بە هەوڵ و ماندووبوونی هەموو لایەك توانیومانە ئیدارەکە بهێنینە سەرپێ و ئیش و کارەکان ڕابپەڕێنین، بێگومان ئێستا لەگەڵ سەرەتادا زۆرمان جیاوازە هەربۆیە ئێستا تاڕادەیەك باشین﴾.

گرنگیدان بە بواری سایکۆلۆژیەتی یاریکردن و دەروونزانی کەسەکان لایەنێکی دیکەی ئەم ناوەندە وەرزشیەیە هەربۆیە بەچەند پرسیارێك مامۆستا ( هەژار قادر) مامۆستای تایبەتی دەروونزانیمان دواندو بەم شێوەیە بۆمان دوا ﴿ گرنگیدان بە یاریەکان چ بۆ منداڵان و چ بۆ گەورەکان زۆر پێویستە چونکە دووریان دەخاتەوە لە هەموو ئەو جەنجاڵی و کێشەو فشارە دەروونیانەی کە ڕۆژانە تووشیان دەبێت بۆیە وەرزش و یاریکردن زۆر بە پێویست دەزانین، گرنگی یاریەکانیش بۆ منداڵان لەوەدایە کە جگە لەوەی لایەنی جەستەیان بەهێز دەکات لایەنی بیرکردنەوەشیان فراوان دەکات بە تایبەتی تەرکیزی فکری کەواتە لایەنی مەعریفیان زۆر زیاد دەکات، ئەگەر سەرنج بدەین هەرکەسێك کە وەرزش دەکات و دوای ئەنجامدانی وەرزشەکەی هەست بە دەروونێکی ئاسوودە دەکات﴾.

مامۆستا (ئەمین مستەفا) کە مامۆستای یاریەکانی گۆڕەپان و مەیدانەو سەرگەرمی ڕاهێنانی خوێندکارە کچەکان بوو لەسەر چۆنیەتی ڕاهێنان و جۆری یاریەکان قسەی بۆ کردین گووتی ﴿ لێرەدا شەش جۆر یاری دەخوێندرێ کە یاریەکانی تۆپی پێ و باسکەو تۆپی دەستو گۆڕەپان و مەیدان و دیدەوانی و جومبازن و هەفتانە شەش بەش بواری پراکتیکیمان هەیە، مەشق و ڕاهێنانەکان جگە لە مەشقە سویدیەکان ڕاهێنانی یاریەکانیش دەگرێتەوە کە ئەمساڵ دەخوێندرێن، خوێندکارەکانمان تاڕادەیەك باشن چونکە بە حەزو ئارەزوویێکی زۆرەوە بۆ ئێرە هاتوون و بۆ ئایندەی دەڤەرەکە چاوەڕوانی ئایندەیەکی گەشیان لێدەکرێت بە تایبەتی خوێندکارە کچەکان﴾.

هەروەها مامۆستا ( عەلی بابەکر) کە مامۆستای یاریەکانی تۆپی پێ و تۆپی دەستە لەسەر پەیمانگاکەو خول و شێوە یاسایەکان پێی گووتین ﴿ لەبەر ئەوەی پەیمانگاکەمان تایبەتە بە وەرزش بۆیە ئێمە هەموو هەوڵێکی خۆمان دەدەین کە لە یاریەکاندا بە تایبەتی یاریەکانی تۆپی پێ و تۆپی دەستدا بە شێوەیەکی دروست و زانستی زانیاریەکان بگەیەنین و خوێندکارەکان فێربکەین، بەحوکمی ئەوەی لە ناوچەکەدا یاری تۆپی پێ پێشینەیەکی هەیەو لاوان بە تۆپی پێ ئاشنان و تاڕادەیەك شارەزایەکیان هەیە بەڵام یاری تۆپی دەست نامۆیەو کەمتر ئەو یاریە کراوە، ئێمە لە ئەمساڵدا کە تەنها قۆناغی یەکەممان هەیە بوارە یاسایی و ناوبژیوانیەکان ناخوێنین بەڵام بۆ قۆناغەکانی داهاتوو لەبەرنامەی پەیمانگادایەو دەخوێندرێت﴾.

**خوێندکارانیش ڕای خۆیان هەبوو**

وەك عورفێکی ڕۆژنامەگەری و بۆ زیاتر



مامۆستای دەروونزانی ...هەژار قادر



خوێندکار.. هەڵوێست عەلی

دەوڵەمەندکردنی ریپۆرتاژەکەمان، ڕای چەند خوێندکارێکیشمان وەرگرت کە هەموویان خوێندکاری قۆناغی یەکەمن و هەریەکەو بە جۆرێك قسەیان بۆ کردین سەرەتا خوێندکار ( شەهێن عومەر ) کە خەریکی ڕاهێنان بوو گووتی ◈ من زۆر حەزم لە وەرزشەو هەربۆیە لە سلێمانیەوە هاتووم، پێشتر لە یانەی سیروانی نوێ یاریەکانی باسکەو تۆپی دەستم کردووە، مامۆستاکانمان زۆر باشن و دەتوانن زانیاری تەواومان بدەنێ بەڵام بەداخەوە بیناکەمان شیاوو گونجاو نیە چونکە نە هۆڵی جومبازی باشەو نەهۆڵێکی گونجاوی هەیە◈و هاورێکەشی(دیدار عەلی) کە ئەویش خوێندکاری هەمان قۆناغەو پێی گووتین ◈ منیش بە حەزی خۆم بۆ ئەو پەیمانگایە هاتووم و ماڵەوەمان بە تایبەتی باوکم زۆر هاوکارمن، پێشتر لە قۆناغی ناوەندی یاری بالەم کردووە... لەبەرئەوەی ئێمە نۆبەرەی پەیمانگاکەین مامۆستاکان



خوێندکار ... هێمن ئەحمەد

زۆر هاوکاریمان دەکەن و باشن لەگەڵماندا بەڵام بەداخەوە تەنها گرفتمان نەبوونی بینایەکی تایبەتە کە بۆ ئەم بوارە گونجاو بێت لەگەڵ ئەمانەشدا ئێمە ئامادەین بۆ پڕکردنەوەی ئەم دابڕانە وەرزشیەی کە لە ڕەوشی وەرزشی کچانی دەڤەرەکەدا هەیە ◈.

(هەڵوێست عەلی)یش خوێندکارێکی دیکەی پەیمانگای وەرزشی ڕانیەیەو زۆر ڕاشکاوانە گووتی ◈ بۆئەوەی لەو پەیمانگایە بخوێنم ساڵی ڕابردوو لە پۆلی چوارەمی ئامادەیە خۆم هێشتەوە چونکە ئەوە خەونی من بوو هەربۆیە لێرە زۆر ئاسوودەم بە تایبەتی کە مامۆستاکان زۆر باشن و زانیاری باشیان هەیە لە بوارەکاندا بەڵام گرفتمان زۆرە هەر لە نەبوونی ئاوی خواردنەوەو نەبوونی (W.C)و یاریگاو هۆڵەکان کە هیچ شیاو نین بۆ یاریەکان لەگەڵ ئەمانەشدا ئامادەین و بەڵێن دەدەین بۆ چارەسەری گرفتە وەرزشیەکانی دەڤەرەکە◈. دواتر کاکە ( هێمن ئەحمەد)ی خوێندکاری هەمان پەیمانگا ئەو قسانەی بۆ پشتڕاست کردینەوەو گووتی ◈ من خەڵکی شارۆچکەی چوارقورنەم و لێرەدا زۆر ئاسوودەم چونکە منیش بە حەزو ئارەزووی خۆم هاتووم بۆ ئێرە لەبەرئەوەی پێشتر یاریزانی تۆپی پێ بووم و لە تیپە میلیەکاندا یاریم کردووە، لێرەدا مامۆستاکان زۆر باشن بەڵام بیناکەمان بە گشتی باش نیەو پێداویستیەکانی زۆر کەمن بەڵام بەڵێنیان پێداوین پێداویستیەکانمان بۆ دابینبکەن◈. لە کۆتاییشدا (دانا ئەحمەد) کە خەڵکی سلێمانیەو لێرەدا درێژە بە خوێندن دەدات زیاتر قسەکانی ڕووی لە گلەیی و گرفت بوون پێی گووتین ◈ ئێمە شەش خوێندکاری شاری سلێمانین کە لێرە دەخوێنین هەموومان بە حەزی خۆمان بۆ ئێرە هاتووین، خەرجیەکی زۆرمان کەوتۆتە سەرشان بەڵام لەبەرئەوەی ئارەزووی خۆمە بەردەوام لە هەوڵداین، تا ئێستا شوێنێکمان نەبوو وەکو بەشی ناوخۆ بەڵکو خانوێکمان بە کرێ گرتبوو بە ( ١٥٠٠٠٠) دینارو ئێستاش سوپاسی کۆمەڵەی خوێندکاران دەکەین کە ژوورێکیان بۆ دابین کردووین و لەو پەیمانگایەدا زۆر ئاسوودەم◈.

ماوەتەوە بڵێین لە کۆتایدا داواکارین لە سەرجەم لایەنە پەروەردەیی و وەرزشی و زانستیەکان کە زۆر بە جدی لە هەوڵی چارەسەری گرفتەکانی ئەم پەیمانگایەدابن چونکە ئەگەر بتوانرێت بە ئێویەکی دروست و زانستی بەردەوام بێت ئەوا دڵنیام بۆ ئایندە ئاسۆیەکی گەش و ڕوونە بۆ وەرزشی دەڤەرەکە بە تایبەتی و وڵاتەکەمان بە گشتی.



خوێنکار ... دیدار عەلی



خوێندکار ... دانا ئەحمەد



خوێندکار ... شەهێن عومەر

# مژدەیەك لە گۆڤاری زنارەوە

# بەمەبەستی هاندانی خوێندنەوە

**گۆڤاری زنار بە هاوكاری تاكەبریكاری كۆمپانیـای strong لــە كوردستان مانگانە خەلاّتێك دەبەخشێت بەخوێنەرانی.**

**خەلاتەكان كە هەر مانگەو یەكێك لە ئامێـرەكـانـی بـەرهـەمـی كۆمپانیای ناوبراوە بریتین لە(سۆبای زەیتی،سەتەلایت، تەلەفزیۆن).**

**بۆیە بە كڕینی هەر ژمارەیەكی گۆڤاری زنارو پڕكردنەوەی كۆبۆنی خوارەوە بە تەواوی‌و ناردنەوەی بۆ نوسینگـەی گـۆڤـارەكـەمان لە ڕێگای ئەو كتێبخانـەی گـۆڤـارەكـەتـان لـێـكـڕیـوە نـاوتـان دەچـێـتـە تیروپشكی تایبەت بە خەلاّتەكانی ئەو كۆمپانیایەوە.**

تێبینی: كۆبۆنی پڕكراوە بەر لە ١٨ هەر مانگێك بگاتە نوسینگەی گۆڤار.

**خەلاّتی ئەم مانگە**  **سۆبایەكی زەیتی**

**لێرەوە بیبڕە................................................................................................................................**

**كۆبۆنی خەلاتی مانگی كانوونی دووەم/٢٠٠٨، سۆبای زەیتی**

**ناوی سیانی:.................................................................**

**ژمارەی مۆبایل:.................................................................**

**ئەدرەس:.................................................................................................................**

**پێویستە كۆبۆنەكە﴿ژمارەی لاپەڕە، ژمارەی گۆڤارەكە، مانگ‌و ساڵی دەرچوونی، لۆگۆی گۆڤار﴾ كە لە خوارەوەی لاپەڕەكەوە دیارە لەگەڵدا ببڕدرێت، بە پێچەوانەوە كۆبۆنەكە قبوڵ نیە.**



# لەیلا عەلەوی دژی جگەرەکێشنە

خانمە ئەکتەری‌و ئەستێرەی سینەمای میسری لەیلا عەلەوی لە کنگرەیەکی رۆژنامەوانی تایبەت بە وشیارکردنەوە بۆ وازهێنان لە جگەرەکێشان بە ئامادەبوونی وەزیری تەندروستی‌و سەندیکای پزیشکان رایگەیاند کە ئەو دژی جگەرەکێشانە. لەیلا کە پێشتر جگەرە کیش بووە گووتی بۆیە وازم لە جگەرە هێنا چوونکە کریگەری بۆ سەر پێست‌و تەندروستی‌و نەزۆکی ئافرەتانەوە هەبوو، بەتایبەتی ئەگەر مێردەکەش هەر جگەرەکێش بێت.



# سیمبسون گۆرانی لادێی دەچڕێت

کچە گۆرانیبێژو ئەکتەری شۆخ‌و شەنگ جیسیکا سیمبسۆن لە شاری ناشفیلّ بنکەی گۆرانی(کەنتری)واتە لادێی لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، ئەلبومە تازەکەی کە تایبەتە بەم شێوازە گۆرانیانە لە لایەن کۆمپانیای (کۆلۆمبیا ریکۆردس)بلاودەکرێتەوە، شایانی باسە سیمبسۆن رایگەیاند کە خەمیشە بەهیوای چڕینی ئەو جۆرە گۆرانیانە بووم، بەڵام هەر چاوەڕوان بووم تا کاتی گونجاوم بۆ رەخسا. ماوەتەوە بلێین کە ئەلبومەکەی جیسیکا بەناوی " Public Affair" دەبێت، لە هەمان کاتدا جیسکا ئێستا یەکێك لە فلیمە تازەکانی لە سینەماکانی تەکساس‌و دواتر شارەکانی دیکە نمایش دەکرێت‌و بەناوی " Blonde Ambition ".

# ئەنجیلیناو کرێمی کافیار

ئەستێرەی سینەمای ئەمریکی ئەنجیلینا جولی نهێنی جوانی خوی‌و سیماو پێستی خۆی گەڕاندەوە بۆ بەکاهێنانی کرێمی کافیار، کە پڕە لە زەیتی سروشتی‌و پێیوایە ئەوە شیاوترین‌و باشترین شێوازی رێگرتنە لە پیربوون‌و شایانی باسە یەك دانیشتنی چارەسەر کردن بەم کریمە ٤٠٠ دۆلاری تێدەچیت



# جۆنی دیب دووژمنی گەل.

ئەکتەری بەناوبانگی جیهانی جۆنی دیب پەیوەندی بە کاستی فلیمی تازەی هۆلیۆد" دووژمنی گەل"ـەوە کرد، ناوبراو رۆڵی کەسایەتی جن دیلنجەر دەبینێت کە دزێکی پرۆفیشناڵی بانك‌و لەدەست (ئێف بی ای) رادەکات. شیاوی گووتنە کە دیب بەر لە چەندکاتژمێرێك لە نیشاندانی دوا فلیمی بەناوی" سوینی تۆد" ئەو بۆندەی ئیمزاکرد. چیرۆکی ئەم فلیمە باس لە چەتەکانی ناسراو بە(دووژمنی گەل)دەکات کە لە سیەکانی سەدەی رابردوو چەندین کاری دزی‌و چەتەگەریان لە ئەمریکا ئەنجامداوە.





# نیکول کیدمان لە فلیمێك کشایەوە

کچە ئەکتەری ئوستراڵی‌و ئەستێرەی سینەمای ئەمریکایی رایگەیاند کە لە فلیمی سینەمایی(فالگرەوە)دەکشێتەوە، هۆی کشانەوەی کیدمان بەهۆی سکبوونیەوەیەو چاوەڕوانی منداڵبوون دەکات، فلیمەکە باس لە رووداوەکانی دوای شەڕی جیهانی دووەم دەکات‌و لە ستۆدیۆکانی بابلسبێرگی ئەڵمانی وێنەی دەگیرێت‌و لە چیرۆکی بیرنارد شلینگ وەرگیراوە. شایانی باسە کیدمان خاوەنی خەڵاتی ئۆسکارە لە فلیمی (کاتژمێرەکان).

# زینە زیندانی دەکرێت

ئەستێرەی سینەمای میسری بە دوو مانگ زیندانی‌و هەزار جونەیهی میسری حوکمدرا، دوای ئەوەی پەلاماری ئەفسەرێکی هاتووچۆی دا، ئەمەش لەکاتێکدا بوو کە زینە لە شوێنێکی خراپ‌و لە ریزی دووەم ئۆتۆمبیلەکەی پارك کردبوو. کاتێکیش پۆلیسەکەی هاتووچۆ داوای لێکردبوو کە شوێنی راگرتنەکەی بگۆرێت دەنا وەسڵی بۆ دەکات، ئەویش پلاماری دابوو.

# کۆمپیوتەرو تەکنەلۆژیا

ئا: ژیاکۆ

## باشترین ئامێرە ئەلکترۆنیەکانی ساڵی ٢٠٠٨



### مـــۆبـــایـــلـــی کۆنترۆڵ

لەدوای داهێنانی ئامێری مۆبایل پەیوەندیەکانی مرۆڤ کارئاسانیەکی رادەبەدەری بەخۆوە بینیوە، بەلام رۆژ بەرۆژ داهێنانی زیاتر لەو بوارەدا بەرهەمدێت. کۆمەڵەی کۆمپانیاکانی ناسراو"پی یو سی سی" ژاپۆنی مۆبایلێکیان داهێناوە کە وەکو کۆنترۆڵو لە هەر جێگایەکەوە بتەوی بەر لەگەڕانەوەت دەتوانی ئامێرەکانی ماڵەوەت داگیرسێنی.

### تەلەفزیۆنی بێ وایەر

کۆمپانیای" ویستنگهاوس" کە چەندین ئامێری دەنگیو رەنگی بەرهەمدەهێنێ، تەلەفزیۆنێکیان بەرهەمهێناوە کە بە گووتەی خۆیان باشترینو بەتواناترین تەلەفزیۆنی جۆری(HD)یە، کە بە بێ وایەر ئیش بکات. لە روکەشدا ئەو تەلەفزیۆنە کە قەبارەکەی (٤٧)ئینجە، لەگەل تەلەفزیۆنەکانی دیکە جیاوازی نیە، بەلاّم لەناوەوە یەك دەستگای وەرگرتنی لەرراددەبەر بەهێزی تێدایە کە دەستگایەکی وەرگری وێنەی دی ڤی دی شەپۆلە وێنەکان وەردەگرێت.




### رادیۆیەك بـــۆ کەڕەکان

لەسەرتاسەری جیهان بە ملیۆنان کەس هەن کە نابیستنو کەڕنو لە چێژی گوێگرتن لە رادیۆ بێبەشن، بەلاّم چەند کۆمپانیایەکی ئەمریکایی هەڵساون بە دروستکردنی رادیۆیەك بۆ ئەو کەسانە ، کۆمپانیاکان پێك هاتوون لە" ناشیۆنال پۆبلیك، کۆمپانیای هاریس، زانکۆی تاوسان" ئەم رادیۆیەیان بەشێوازێك دروستکردوە کە قسەکان لە رێگای شاشەیەکەوە دەبن بە نوسینو بەم شێوەیەش کەڕولاڵەکان دەتوانن بیخوێننەوە.





# یەکەمین کامێرا بەرگەی ئاوبگرێت

لەو نمایشەی کە بۆ ئامێرەکانی ساڵی ٢٠٠٨ سازکرا، کۆمپانیای سۆنی هاوشانی داهێنانەکانی دیکەی، داهێنانێکی ناوازەی خستە بازارەوە بە دروستکردنی یەکەمین کامێرای دیجیتاڵی ڤیدیۆیی قەبارە بچووک

# کۆداكو کامێرایەکی نوێ



کۆمپانیای کۆداك رایگەیاند کە کامێڕایەکی دیجیتاڵی نوێی " EasyShare V1273 " دروستکردووە کە بە پەنجە بەرکەوتن(لمس)کاردەکاتو توانای وێنەگرتنی ١٢ میگابایتە. چاوەڕواندەکرێ لە نیوەی یەکەمی ئەمساڵدا ئەو کامێڕایە بکەوێتە بازاڕەوەو نرخەکەشی لە نێوان ١٩٩ - ٢٧٩ دۆلار دەبێت.



# کامێرایەك بە تۆڕی(وای - فای) بێتەل کاردەکات.

کۆمپانیای (سۆنی) کامێڕایەکی درووستکردووە دوای ئەوەی رەواجی بۆ دەکرد، ئەو کامێرایە کەبە(dsc-g) ناسراوە دەتوانرێت، دەتوانرێت بە هەموو ئامێرێك ئیش بکات کە لەلایەن کۆمەڵەی" دیجیتاڵ لیفینگ نیتۆرك لالاینس"و ئەمە جگە لەوەی دەتوانرێت بەتۆڕی ئینتەرنێتیشەوە ببەسترێتەوەو وێنەی لێوەربگرێ.

# ٣٦ ئەمپێر کارەباو مۆلیدەیەکی ٥٣ گەلایی

خەمی ئێوە



ڕێوار محەمەد یوسف

هەمووومان ڕەخنە دەگرین، ڕەنگە زۆرکات ڕەخنەکانیشمان تیرێکی دوورهاوێژو دەم هەراش بێتو زیان بەخۆمانو پەزەکانیش بگەیێنێتو لەئاکامدا بەتابورو تاپڕی چەند ساچمە ناومان بەرنو بەهۆی بێ ئاگاییو بیرتەسکی راپۆرت نووسێکەوە سەری ماشو برنجیمان بخوات. هەمووومان گلەیی دەکەین ڕەنگە گلەیەکانیشمان بەپێی پێویسیت لەشوێنی خۆیدا بێت، بەلاٚم کێ دەبێتە فریادرەسێكو گلەییەکان وەك کۆترێکی نامەبەر دەگەیێنێتە شوێنی مەبەست.

ڕەخنەوگلەیی دوو هاوکێشەو هێڵی تەریبی جیاوازن، دەبێت ئێمە هەرزوو دەرکیان پێی بکەینو، بیکەینە بەرنامەیەك کە ڕۆژانە لەژیانماندا ڕەنگ بداتەوە. وشەی ڕەخنەگرتن هەر لەخۆیەوە نەهاتۆتە فەرهەنگەوە، ئەگەر کەمووکوڕیو، بێسەروبەرەیی، پاشاگەردانی، دەستخستنە قووتی خەڵکی، پاشقوول لەیەکدانو بەرنامەرێژی ژێربەژێر دروست نەبووبێت بۆلەبەین بردنی ژیانی هەزارەها کەس، وەکوو لەجەنگە جیهانیو ناوخۆیەکاندا بینیومانە. گلەیی کردن زۆرجاران بەهۆی باش بیرنەکردنەوەو هەڵەشییەوە تووشمان دەبێت، کەرەنگە لەبیرو هزرماندا وای لێکبدەینەوە کەکارێکی باشمان ئەنجامداوە. بەلاٚم لەرووی هەستکردنو تێگەیشتنی بەرامبەر بەو هەڵەشەیە گیروگرفتو ناخۆشی رووبەرووومان بۆتەوە.

لەم نێوەندەدا کەرۆژانە ئێمە هەڵسوکەوتی تێدادەکەین چەندە هاکاری ناشیرینو دزێومان دێتە بەرچاوو، کەبەهۆی خراپ بەکارهێنانی دەسەلاٚتەوە زەرەرو زیان بەرەوتی گەشەکردنو پێشکەوتنی گەلەکەمان دەگەیێنێت. کەهەمووومان حەزدەکەین ئەو گەشەکردنە بەرچاوە کەلەدوای راپەرینەوە دروشمو ئاواتی لەمێژینەی حزبەکان بووە بێتەدی، بەلاٚم بەداخەوە ئەو دروشمە بریقەدارانە نەیتوانی ئاکامی خۆی بپێکێتو تووشی بێ هیواییو نائومێدی کردینو ڕەنگدانەوەیەکی خراپیشی لەسەر کایەی هوشیاریو کۆمەلاٚیەتیو سیاسیو ڕۆشنبیری ئێمەدانا.

ئەوەتا ڕەخنەدەگرین، دەمانەوێت باری گوزەرانو ژیانی خەڵکی بەرەو یەکسانی بڕوات کەلەپەیڕەوی ناوخۆی حزبەکاندا بەزۆرینەی دەنگ خرایە بەرنامەو کاری ئیشکردنەوە. ڕەخنە دەگرین وەك کەسێکی ناسك دەمانەوێت ئەوانەی کەتاکوو دوێنێ لەژێر خێمەو خانووی قوڕو بەپێلاٚوی لاستیك خەباتیان دەکرد جیاوازی نێوان رابردوو ئێستایان بیرنەچێتەوە. بۆیە ئەگەر گلەییم لێ نەکەنو راشکاوانە هەندێك سەرە قەڵەمو رمی بچووك دەهاوم.

کام بەرپرس هەیە لەسەرەی بەنزیندا وەستابێت، کامەیان بەدوای بتڵەغازدا راکەراکی بووە. کامەیان بێ نەوتی رووی لەماڵەکەی کردووە. کامەیان هەیە چەندەها حیمایەی زیادی بۆ پارە نەنوسیبێت. هاوڕێیەکم گووتی"بەرپرسەکەی نزیك ماڵمان(٣٦) ئەمپێر کارەبای راکێشاوە کە نرخی ئەو (٣٦) ئەمپێرە، نزیکەی مووچەی تەمەنی (٢٥) ساڵ فەرمانبەری باوکم دەبێت، هەروەها حیمایەکیش دەناسم مۆلیدەیەکی (٥٣) گەلاٚی کڕیوە، کەلەکاتێکدا هەمووومان دەزانین حیمایە ناتوانێت ئەوە بکڕێت". ئەگەر تووشی ڕەخنە لێگرتن نەبمو ژیان مەودام بدات، بەسەربەستیو بەئازادی بەکامی دڵمو دوور لەسانسۆرو چاوی حزبو خاوەن ئایدۆلۆژیا کەبەبڕوای من کۆتایی هاتووە بنوسم. ڕەنگە کەشکۆڵی ڕۆژنامەنووسیمان زۆر شت بەدوای خۆیدا بێنێت.

دەکرێت ئەوانەی کەتاکوو دوێنێ لەرووی خزمەتکردنو خزمەتگوزاریەوە ئەنجام نەدرابێت هەنگاوی جدی بۆبهاوێنو بیر لە چینە ڕەشو رووتو داماڵدراوەکان بکەینەوەو لەو تەلیسمو تەلەدڕکاویەی کەبۆتە جیاکەرەوەی ژیانی ئێمەی کلۆڵو ئێوەی خواپێداو ڕزگارمان بێت. چونکە دنیای سیاسەت(بمدەیە، دەتدەمێ) ئەگەر تاکوو دوێنێ دەرکمان پێ نەکردبێت ئەوا بەکۆتا هاتووە، زۆریشمان (بەشێك) لەبەرپرسەکانی رابردوومان لەپێشچاوە کەبەچ دەردێك چوون. بەلاٚم ئەگەر هەندێك جار دووربڕوانین" دەبینین خۆشەویستیو رێزو حورمەت لەچاوی زۆرێك لەبەرپرسەکانیش هەرماوەو جارجارە دۆستو هاوڕێ نزیکەکانی خۆیان بۆکاتیش بێت بەسەردەکەنەوەو، وەکوو وەفایەك بۆ هاوسەنگەریان کەلەرۆژانی سەختی خەباتی شاخو شاردا ژیانیان کەوتبووە مەترسیەوە ڕەنگە جگەرەیەکیش بکێشن.

ڕەخنەو گلەیەکان زۆرن، ناوەندەکانی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان پەنجە لەسەر برینەکان دادەنێنو هەندێك جاریش کەمووکوڕیو گەندەڵی دەخەنە روو، بەهیواشن دەسەلاٚتو حزبو حکومەت کەبەهی خۆیانی دەزانن هەرهیچ نەبێت گوێیان لێبگرێت بەزەییان بەو توێژە بەرفراوانەی کۆمەڵگاکەماندا بێتەوە کەئێستاکە بەهەژارترین توێژی کۆمەڵگا دەژمێردرێن.

خۆئەگەر لەبیرکردنەوەی بەشێك لەبەرپرسەکان وادروست بووە، کەنووسەرو ڕۆژنامەنووسەکان ڕاست ناکەن. ئەوا کەناڵەکانی راگەیاندنو شاشە نەخشینەکانی کەناڵە ئاسمانیەکانو ناوخۆیەکانی خۆتان سەرمەشقی ڕاستینو ئەم دیاردانە راشکاوانە پەخش دەکەن. بەلاٚم وەکوو ئەوەی من بزانمو هاوڕێکەشم گووتی" کەم بەرپرس هەیە چاوی لەشاشەی تەلەفزیۆنو کەناڵە ئاسمانیەکانەوە بێت چونکە زۆربەی زۆریان شەوانە لەیانەکاندا خەریکی مەی نۆشینو لەهەڵدانی پێکێکیشدا، ڕەنگە بەشێکی جەماوەرو ڕۆژنامەنووسو نوسەرەکان بەناهوشیارو دوور لەئەتەکێتی سەردەم لەقەڵەم بدەن" کەرەخنەو گلەیی دەگرن.